زنیاری

VALG

Sorani | کوردی

# هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و هەرێمەکان 2019

زانیاری گرنگ بۆ دەنگدەران



**ڕۆژی هەڵبژاردن دووشەمە 9 ی مانگی ئەیلول/سێپتێمبەر ناسنامەکەت بیر نەچێت!**

VALGdirektoratet

# هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و هەرێمەکان 2019

هەڵبژاردنەکان توانامان دەداتێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسەی دەمانەوێت نوێنەرایەتیمان دەکات لە ئەنجومەنی شارەوانیەکان و ئەنجومەنی هەرێمەکان.

ئەنجومەنی شارەوانی دەستەیەکی باڵای شارەوانیە. ئەوە لێرەیە کە بڕیارەکان دەدرێن لەسەر بابەتەکانی وەکو باخچەی ساوایان، خۆشگوزەرانی منداڵ، پلاندانان و کێشەکانی زەوی و زار، قوتابخانەکانی بنەڕەتی و قوناغی خوار ناوەندی، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و چاودێری، دەستپێشخەریەکانی کەلتووری و زبڵ و خاشاك کۆکردنەوە.

ئەنجومەنی هەرێمەکان دەستەی باڵاترین دەسەڵتی هەرێمەکەیە. ئەنجومەنەکانی هەرێمەکان بڕیار دەدەن لەسەر بابەتەکانی وەکو خوێندن لە قوتابخانەکانی سەروو ناوەندی، ڕێگاوبانی پەرینەوەی ئاوی پەیوەندیدار، گواستنەوەی گشتی خۆجێی و دەستپێشخەریە کەلتووریەکان. ئۆسلۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی ناوچەکان دەکات، بەڵام هیچ هەڵبژاردنی هەرێمی ناکات.

ئەو بابەتە خۆجێیانە گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەتان. بە دەنگدانت تۆ یارمەتی دەدەیت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ نوێنەرایتان دەکات و بەرژەوندیەکانتان لە ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی هەرێمی.

ئەم بڵاوکراوەیە زانیاری تێدایە سەبارەت بەوەی چۆن دەنگ دەدەیت.

> **ڕۆژی هەڵبژاردن دووشەمە 9 ی مانگی ئەیلول/سێپتێمبەری2019.**
> زۆر لە شارەوانیەکان هەروەها هەڵبژاردن دەکەن لە ڕۆژی یەکشەمە 8 ی مانگی سەپتەمبەر.
> شارەوانی بانگەشە دەکات کە ئایا هەلبژاردن بۆ ماوەی یەك یان دوو ڕۆژە.

**بیرت نەچێت ناسنامەکەت بێنی کاتێك دەنگ دەدەیت نموونەکانی**
ناسنامەی کارپێکراو بریتین لە پاسپۆرت، مۆڵەتنامەی شۆفێری یان کارتی بانك بە وێنەی خۆتەوە بێت. تۆ هەروەها دەتوانیت جۆری تری ناسنامە بەکاربێنی. بە کەمترینی، ناسنامەکە دەبێت ناوو بەرواری لەدایکبوون و وێنەیەکی لەسەر بێت. نوێنەرایەتی نەرویجی بۆ یاسای خەڵك داوا لە دەنگدەران دەکاتئەگەر ناسراو نەبن لەلایەن کارمەندی دەنگدان دەبێت خۆیان بناسێنن.

ئەگەر تۆ لە دەزگایەك بیت وەکو خانەی پەرستیاران، نەخۆشخانە، بەندیخانە، دەتوانیت کارمەندێکی دەزگاکە پەیدا بکەیت بۆ دووپاتکردنەوەی ناسنامەکەت.. لەم حاڵەتانەدا، کارمەندان دەبێت خۆیان بناسێنن.

**گشت دەنگدەران کارتێکی هەڵبژاردنیان بۆ دەنێردرێت** دیوی پێشەوەی کارتی هەڵبژاردنەکە زانیاری دەربارەی وێستگەی هەڵبژاردنەکەی تێدایە کە ناوت تێیدا تۆمارکراوە و کاتەکانی کرانەوە لە ڕۆژی هەڵبژاردن. **تۆ پێویست ناکات کارتی هەڵبژاردنەکەت لەگەڵ خۆت بێنی، بەڵام ئەگەر ئەوە بکەیت کاتت پاشەکەوت دەکەیت.** کارتی هەڵبژاردن بە ناسنامە دانانرێت.

## کێ مافی دەنگدانی هەیە؟

- هاوڵاتیانی نەرویجی کە دەبن بە تەمەنی 18 ساڵان پێش کۆتایی ساڵی 2019 وە کێ ، یان هەر کاتێك بوون، تۆمارکراون لە تۆماری نیشتمانی وەك نیشتەجێیەکی نەرویجی.

- هاوڵاتیانی وڵاتێکی تری نۆردی (بۆ نموونە دانیمارك، ئایسلەندا، فینلەندا یان سوید) کە تەمەنیان دەبێت بە 18 ساڵان پێش کۆتایی ساڵی 2019 وە ئەو کەسەی تۆماردەکرێت لە تۆماری نیشتمانی وەك نیشتەجێیەکی نەرویج لە دوا وادە لە ڕۆژی 30 ی حوزەیرانی 2019.

- خەڵکانی هاوڵاتیانی نەرویجی نەبن و تەمەنیان دەبێت بە 18ساڵان پێش کۆتایی ساڵی of 2019 وە ئەوانەی ناویان تۆمارکراوە لە تۆماری نیشتمانی وەك نیشتەجێیەکی نەرویجی بۆ دوایین سێ ساڵ پێش ڕۆژی هەڵبژاردن.

کارمەندانی دیپلۆماسی یان خزمەتگوزاری کونسوڵگەری، و خێزانەکانیان ، مافی دەنگدانیان هەیە بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ناویان تۆمارکردووە لە تۆماری نیشتمانی وەك نیشتەجێیەکی نەرویجی یان نا.. ئەوان پێویست ناکات داوای چوونە ناو تۆماری هەڵبژاردنەکان بکەن

دەنگدەران دەبێت ناویان بچێتە ناو تۆماری هەڵبژاردن لە شارەوانیەك لە ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی مافی خۆیان جێ بەجێ بکەن لە دەنگدان.

## لە کوێ و کەی دەتوانیت دەنگ بدەیت؟

**لە ڕۆژی هەڵبژاردن**، تۆ دەبێت دەنگ بدەیت لەو شارەوانیەی کە ناوت لێی تۆمارکردووە وەك نیشتەجێیەك لە ڕۆژی 30 ی حوزەیرانی 2019. تۆ دەتوانیت دەنگ بدەیت لە هەر وێستگەیەکی هەڵبژاردن لەناو شارەوانیەکە.
سەیری هێلکاریەکەی سەر لاپەڕەی دواتر بکە پێشانت دەدات چۆن دەنگ بدەیت لەناو شارەوانی ماڵەکەت.

**دەنگدانی پێشوەخت** دەتوانرێت دەنگ بدرێت لە ڕۆژی شەممەوە 10 ی ئاب تاکو ڕۆژی هەینی 6 ی ئەیلول/سەپتەمبەر لەناو هەر شارەوانیەکی ناو وڵات.

ئەو دەنگدەرانەی کە ناتوانن لە ماوەی دەنگدانی پێشوەخت دەنگ بدەن یان لە ڕۆژی هەڵبژاردن ڕەنگە پەیوەندی بکەن بە شارەوانی و دەنگ بدەن لە ماوەی ڕۆژی 1 ی تەموز تاکو ماوەی دەنگدانی پێشوەخت کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی 10 ی ئاب.

**ئەگەر دەنگ بدەیت لە دەرەوەی شارەوانی ماڵەکەت،** کارت(ـەکان)ی دەنگدانکە وەری دەگریت ناوی پارتە سیاسیە تۆمارکراوەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانی تێدایە. هێمای لێکدان دابنێ لەناو چوارگۆشەی ئەو پارتە سیاسیەی کە دەتەوێت دەنگی بۆ بدەیت. کارت(ـەکان) ی دەنگدان ناوی کاندیدەکانی پارتە سیاسیەکانی تێدا نیە جا لەبەرئەوە ناتوانیت دەنگ بە کەسایەتی بدەیت.

ئەگەر ئەو پارتە سیاسیە یان گروپەی کە دەتەوێت دەنگی بۆ بدەیت ناویان لەسەر کارتی دەنگدانەکە نەنووسرابوو، تۆ دەتوانیت ناوی پارتی/گروپەکە لەسەر کارتی دەنگدانەکە بنووسیت. تۆ هەروەها دەتوانیت کارتێکی دەنگدانت دەستکەوێت لەناو شارەوانیەکەت بۆ خۆت و بەکاری بێنیت ئەگەر بتەوێت بۆ دەنگدانی کەسی بۆ کاندیدەکان.

ئەگەر تۆ لە دەرەوەی شارەوانیەکەت دەنگ بدەیت، دەبێ داوا لە کارمەندێکی دەنگدان بکەیت بۆ ئەوەی مۆر لەسەر کارتی دەنگدانەکەت بدات پێش ئەوەی کاتی دەنگدانەکە بخەیتە ناو زەرفێکی کارتی دەنگدان. زەرفی کارتی دەنگدان و کارتی دەنگدان دواتر دەخرێتە ناو زەرفێك کە لەلایەن کارمەندی هەڵبژاردنەکە دادەپۆشرێت دواتر دەبێت زەرفەکە بخرێتە ناو سندوقی دەنگدان.

ئەگەر تۆ کاتێکی دەنگدانت لەگەڵ خۆت نەهێنابوو، کارمەندی دەنگدانەکە یەکێکت بۆ پڕ دەکاتەوە. دەنگەکە دەنێردرێت بۆ شارەوانی ماڵەکەت بۆ ژماردن.

بە هەمان شێوە دەبێت **ئەگەر تۆ دەنگ بدەیت لە دەرەوەی شارەوانی ماڵەکەت لە هەرێمەکانی هەڵبژاردن.**

ئەگەر تۆ نەخۆش بیت یان کەمئەندام بیتو، دەتوانیت داوا لە شارەوانی بکەیت بۆ ئەوەی پێشوەخت دەنگ بدەیت لەماڵەوە. شارەوانی پێت ڕادەگەیەنێت دەربارەی دوا وادەی کارپێکراو.

ئەگەر تۆ ناوت تۆمارکرابێت لە تۆماری نیشتمانی وەك نیشتەجێیەك لە شارەوانیەك یان هەرێمێك کە کاری تێ بکرێت بە ڕیفۆرمی شارەوانی و هەرێمی، تۆ نوێنەرانی ئەنجومەنی شارەوانیەکە هەڵدەبژێریت بۆ ئەنجومەنی شارەوانیو ئەنجومەنی هەرێمیە تازەکەت بۆ هەرێمە تازەکەت.

شارەوانیەکە پێت ڕادەگەیەنێت وێستگەکانی دەنگدان لەکوێن و کاتەکانی کرانەوەیان.

تۆ هەروەها دەبێت بتوانیت وێستگەی هەڵبژاردنەکەت بدۆزیتەوە بە ڕێگای ئۆنلاین لە مانگی ئاب لە:
**valglokaler.no**

# چۆن دەنگ دەدەیت لە شارەوانی خۆت؟

**1)** کارت(ـەکان)ی دەنگدانی دەتەوێت بەکاری بێنیت ببە: یەکێك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی و یەکێك بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی، ئەگەر ویستت دەنگ بدەیت بۆ ئەم دوو هەڵبژاردنانە.



**2)** بۆ دەنگدانی کەسی، هێمای لێکدان دابنێ لەناو ئەو چوارگۆشەیەی تەنیشت ناوی کاندیدەکانی سەر کارتی دەنگدانەکە بۆ ئەو کەسەی کە دەتەوێت دەنگی بۆ بدەیت. تۆ دەتوانیت دەنگ بدەیت بۆ چەندەها کاندید ئەگەر بتەوێت لە دەنگدانی کەسی (سەیری ڕێنماییەکان بکە لە لاپەڕەی دواتر).




**3)** کارتی دەنگدان(ـەکان) بنوشتێنەوە بەو شێوازەی کە ناوی پارتەکان لە دیوی ناوەوە نووسرابێت و شوێن هەبێت لەسەر دەرەوەی بۆ مۆر لێدان - ئەمە ڕێگری لە هەر کەسێك دەکات لەوەی ببینن چۆن دەنگتدا.. کارت(ـەکان)ی دەنگدان مەخەرە ناو زەرفێك یان هەر داپۆشەرێکی تر.



**4)** بڕۆ لای کارمەندێکی هەڵبژاردن و مۆر لەسەر کارت(ـەکان) بدە. ئەمە گرنگە بۆ دەنگدان کە پەسند بکرێت.



**5)** کارت(ـەکان)دابنێ لەناو سندوقی دەنگدانەکە.




ئۆسلۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی ناوچەکان دەکات، بەڵام هیچ هەڵبژاردنی هەرێمی ناکات. ئەگەر ناوت داخڵ کرد لە تۆماری هەڵبژاردن لە ئۆسلۆ و دەتەوێت دەنگ بدەیت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوچەیی بۆ ئەو ئەنجومەنەی کە تۆ کارتی دەنگدانەکەیت لەگەڵ خۆت هێناوە یان ناوی پارتە سیاسیەکە/گروپەکە بنووسە کە تۆ دەنگی بۆ دەدەیت لەسەر پارچە کاغەزێکی بەتاڵ. ئەگەر تۆ پارچە کاغەزێکی بەتاڵ بەکاربێنیت، دەبێ ئەوەشی لەسەر بنووسیت کە پارچە کاغەزەکە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوچەیی.

# تۆ دەتوانیت گۆنکاری لە کارتی دەنگدانەکە بکەیت

ئەگەر دەتەوێت کاریگەریت هەبێت لەسەر ئەوەی کام کاندیت هەڵدەبژێردرێت، تۆ دەتوانیت دەنگدانیکەسی بکەیت بۆ ئەو کاندیدانەیە کە دەتەوێت دەنگەکەت وەربگرن وەکو دەنگدانێکی کەسی. ئەوە مافی خۆتە کە ئەگەر بتەوێت گۆڕانکاری لە کارتی دەنگدانەکە بکەیت بە پێدانی دەنگدان(ـەکان)یکەس. پرۆسەی دەنگدانی کەسی وەسف دەکرێت لەسەر کارتی دەنگدانەکە.

**دەنگدانی کەسی:**

**1)** هێمای لێکدان دابنێ لە تەنیشت ناوی ئەو کەسەی کە دەتەوێت دەنگی کەسی پێ بدەیت لە دەنگدانی کەسی. تۆ دەتوانیت دەنگ بدەیت لە دەنگدانی کەسی بە چەندەها کاندید کە دەتەوێت دەنگیان پێ بدەیت.




**2)** ناوی کاندیدەکان بنووسە لە پارتەکان/ گروپەکانی تر لە بەشێکی جیای سەر کارتی دەنگدانەکە. ژمارەی ئەو کاندیدانەی کە دەتەوێت بیخەیتە سەر کارتەکە لەسەر کارتی دەنگدانەکە باسکراوە.




تکایە تێبینی ئەوە بکە، ئەگەر تۆ دەنگ بدەیت لە دەنگدانی کەسی بە کاندیدێك لە پارتێك/گروپێکی تر، کە پێی دەووترێت لیستی دەنگدان دەگوێزرێتەوە بۆ پارتەکەی تر/ گروپەکەی تر. ئەمە ڕەنگە کاربکاتە سەر دابەشکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی شارەوانی.

**هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی هەرێمەکان:**
هێمای لێکدان دابنێ لە تەنیشت ناوی ئەو کەسەی کە دەتەوێت دەنگی کەسی پێ بدەیت لە دەنگدانی کەسی. لە دەنگدانی کەسی بە چەندەها کاندید کە دەتەوێت دەنگیان پێ بدەیت.



# کێ هەڵدەبژێردرێت؟

لیژنە یاخود کۆمیتەی هەڵبژاردنەکان یەکەم جار ئەوان بڕیار دەدەن هەر یەکە لە پارتە سیاسیە جیاوازەکان یان گروپەکان چەند نوێنەریان دەبێت لە ئەنجومەنی شارەوانی یان ئەنجومەنی هەرێمی.
کۆمیتەی هەڵبژاردنەکان دواتر دەنگدانە کەسیەکان دەژمێرێت بۆ ئەوەی بزانن کام کاندید لە هەر پارت و گروپێك هەڵبژێردراون..

## دەتوانیت زانیاری زیاتر بدۆزیتەوە لەسەر valg.no

بڵاوکرایەوە لە ساڵی 2019 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکانی نەرویجی.
ئەم بڵاوکراوەیە هەروەها بەردەستە بە زمانەکانی بۆکمال، نینۆرسك، سامی و دە زمانی تر.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵبژاردنەکە، سەیری valg.no